له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئەنجامدانی نوێژی تەراویح

## چاكە و چۆنێتی و
## شەرعیەتی جەماعەت تیایدا
## لە گەڵ توێژینەوەیەكی بەنرخ سەبارەت بە
## مانەوە لە مزگەوت بە مەبەستی
## خوا پەرستی ( الإعتكاف )


نووسنی : شێخی پایە بەرزی ئیسلام :

محمد ناصرالدین الألباني رحمه الله

وەرگێڕانی :

ماموٚستا دارا جبار كریم

پێداچوونەوەی :

ماموٚستا عدنان بارام


---


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ [آل عمران : ١٠٢].

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ [النساء : ١] .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ [الأحزاب : ٧٠ - ٧١].

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ [سورة آل عمران : ٣١] ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئیمانداران بڵێ ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت ، ئەوا شوێنی من بکەون ، خواش خۆشی دەوێن ، و لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت ، وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : " صلوا كما رأيتموني أصلي " [1] ، واتە : بەو شێوە نوێژ بکەن کە دەمبینن نوێژ دەکەم .

ئەمە و چەندین فەرموودەی تر کە هانمان دەدەن شوێن کەوتەی پێغەمبەری خوا بین ﷺ ، لە هەموو گوفتار و کردارێکماندا ، وای لێ کردین بەدوای زیندوو کردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەردا بگەڕێین ﷺ ، و بیخەینە بەر دەستی موسڵمانان .

نوێژی ( **تەراویح** ) یش لە ڕەمەزاندا یەکێکە لەو نوێژە سوننەتانەی کە چەندین فەرموودەی ( **صحيح** ) دەربارەی فەزل و خێر و چاکەی هاتووە ،

---

[1] البخاري ومسلم ، وأحمد وهو مخرج في ( إرواء الغليل ) تحت الحديث : ٢١٣ .

لەوانەش پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " من قام رمضان إيمانا واحتسابا ، غفر له ما تقدم من ذنبه " [٢] .

واتە : هەرکەسێك نوێژی تەراویح لە شەوانی ڕەمەزاندا بکات و باوەڕی بە واجبێتی هەبێت و چاوەڕوانی پاداشتەکەی بکات ، ئەوا خوای پەروەردگار لە تاوانی پێشووی خۆش دەبێت .

بۆیە بەچاکمان زانی کە ئەم کتێبە خنجیلانە ، و پڕسوودەی فەرموودەناسی سەردەم شێخ ( **محمد ناصرالدين الألباني** ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ کە ناونیشانی (**قيام رمضان** ... **فضله** ، **و كيفية أدائه** ، **ومشروعية الجماعة فيه** ، **ومعه بحث قيم عن الإعتكاف**) لێ ناوە ، وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی شیرین ، بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکان بتوانن سوودی لێ ببینن ، و پەیڕەوی سوننەتی پێغەمبەری خوا بکەن ﷺ ، لەم پەرستشە گەورەیەدا ، وە لە کۆتایی ئەم کتێبە خنجیلانەدا هەروەکو لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت ، شێخی ( **الألباني** ) توێژینەوەیەکی پڕ بە پێزی نووسیوە دەربارەی ( **الإعتكاف** ) ، واتە : مانەوە لە مزگەوتدا بە مەبەستی خوا پەرستی ، و چەندین فەرموودەی لەو بارەیەوە خستوەتە ڕوو .

---

[٢] أخرجه مسلم وغيره وعند البخاري منه المرفوع من قوله ﷺ وهو مخرج في : (صحيح أبي داود : ١٢٤١) .

ئیتر لە کۆتاییدا ئەگەر ڕاستمان پێکابێت ، ئەوا لە خـوای گەورەوەیـە ، و تەنها فەزڵی ئـەوە ، وە ئەگـەر پێچـەوانەی ئـەوەش بێت ، ئـەوا لـە نەفسـی خـەتاکار و شـەیتانەوەیە ، دەپاڕێمـەوە لـە خـوای بـەرز و باڵادەسـت لـە هەڵەکانمان خۆش بێت ، و داوای پاداشت تەنها لە خوا دەکەم ، ﴿وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ .

وسبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك

وصلى الله وسلم على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

**وەرگێڕ : مامۆستا دارا جبار ـ کەلار**

بسم الله الرحمن الرحيم

# نوێژی تەراویح لە شەوانی ڕەمەزاندا

## خێر و چاکەی نوێژی تەراویح لە شەوانی ڕەمەزاندا :

١ - دەربارەی خێر و چاکەی نوێژی تەراویح لە شەوانی ڕەمەزاندا دوو فەرموودەمان پێگەیشتووە :

**یەکەمیان :** دەگێڕنەوە لە ( أبو هريرة ) ەوە رضي الله عنه کە فەرموویەتی : " كان رسول الله ﷺ يرغب في قيام رمضان ، من غير أن يأمرهم بعزيمة ، ثم يقول : (( من قام رمضان إيمانا واحتسابا ، غفر له ما تقدم من ذنبه )) فتوفي رسول الله ﷺ والأمر على ذلك [ أي : على ترك الجماعة في التراويح ] ، ثم كان الأمر على ذلك في خلافة أبي بكر رضي الله عنه ، وصدر من خلافة عمر رضي الله عنه "[1] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر هانی خەڵکی دەدا بۆ ئەنجامدانی نوێژی تەراویح لە ڕەمەزاندا ، بەبێ ئەوەی جەختیان لە سەر بکات لەو فەرمان پێ کردنە ، پاشان دەیفەرموو : هەرکەسێك نوێژی تەراویح لە شەوانی ڕەمەزاندا

[1] أخرجه مسلم وغيره وعند البخاري منه المرفوع من قوله ﷺ وهو مخرج في : (صحيح أبي داود : ١٢٤١) .

بکات و باوەڕی بە واجبێتی هەبێت و چاوەڕوانی پاداشتەکەی بکات ، ئەوا خوای پەوەردگار لە تاوانی پێشووی خۆش دەبێت .

پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد و کار لەسەر ئەوە بوو ، وە بەهەمان شێوە کار لەسەر ئەوە بوو لە خەلافەتی (أبو بكر) رضي الله عنه ، و سەرەتای خەلافەتی (عمر) رضي الله عنه .

**ئەوی تریان :** فەرموودەکەی (عمرو)ی کوڕی (مرة الجهني) یە کە فەرمویەتی : " جاء رسول الله ﷺ رجل من قضاعة ، فقال : يا رسول الله ! أرأيت إن شهدت : أن لا إله إلا الله ، وأنك رسول الله ، وصليت الصلوات الخمس ، وصمت الشهر ، وقمت رمضان ، وآتيت الزكاة ؟ فقال النبي ﷺ : من مات على هذا كان من الصديقين والشهداء" [٢].

پیاوێك لە هۆزی ( قضاعة ) ەوە هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! ئایا ئەگەر شایەتی بدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە (الله) نەبێت ، و تۆش پێغەمبەری خوایت ، و پێنج فەرزە نوێژەکەشم ئەنجام بدەم ، و ڕۆژووی ڕەمەزانیشم گرت ، و

---

[٢] أخرجه ابن خزيمة وابن حبان في " صحيحيهما " وغيرهما بسند صحيح انظر تعليقي على " ابن خزيمة " ( ٣ / ٣٤٠ / ٢٢٦٢ ) و " صحيح الترغيب " ( ١ / ٤١٩ / ٩٩٣ ) .

نوێـژی تەراویحیشـم ئـەنجام دا لـە ڕەمەزانـدا ، زەکاتیشـم دا ؟ پێغەمبـەری خـواش ﷺ فـەرمووی : هـەر کەسـێك لەسـەر ئەمـە بمرێـت ، ئـەوا لـە گـەڵ ڕاستگۆیان و شەهیداندایە .

## شەوی قەدر و دیاری کردنی

## ( ليلة القدر وتحديدها )

٢ ـ وە چاکترین شـەوانی مـانگی ڕەمـەزان شـەوی قـەدرە ، لـە بـەر ئـەم فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " من قام ليلة القدر ( ثم وفقت له ) إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه " [٣] .

واتە : هـەر کەسێك شـەوی قـەدر زینـدوو بکاتـەوە ( پاشـان بۆشـی ڕێك بکەوێت کە ئەو ڕۆژە بیپێکێت ) و باوەڕی بە واجبێتی هـەبێت ، و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ، خوا لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت .

٣ ـ ئەو شەوەش شەوی بیست و حەوتەمـە لـە ڕەمـەزان لەسـەر ووتـەی هەڵبـژاردەی زانایـان و زۆربـەی فـەرموودەکانیش لەسـەر ئـەوەن ، لەوانـەش فەرموودەکەی (زر)ی کوڕی (حبيش) کە دەفەرمووێت : " سمعت أبي ابن كعب

---

(٣) أخرجه الشيخان وغيرهما من حديث أبي هريرة وأحمد ( ٥ / ٣١٨ ) من حديث عبادة بن الصامت والزيادة له والأولى منهما لمسلم عن أبي هريرة .

يقول : ـ أو قيل له ـ : إن عبد الله بن مسعود يقول : من قام السنة أصاب ليلة القدر ، فقال أبي رضي الله عنه : رحمه الله ، أراد أن لا يتكل الناس ، والذي لا إله إلا هو إنها لفي رمضان ـ يحلف ما يستثني ـ و والله إني لأعلم أي ليلة هي ؟ هي الليلة التي أمرنا رسول الله صلى الله عليه وسلم بقيامها ، هي ليلة صبيحة سبع وعشرين ، و أمارتها ؛ أن تطلع الشمس في صبيحة يومها بيضاء لا شعاع لها ، ورفع ذلك في رواية إلى النبي صلى الله عليه وسلم " [٤].

واته : گوێم له ( أبي ) ی کوڕی ( كعب ) بوو دەیووت یان پێی ووترا : كه ( عبدالله ) ی کوڕی ( مسعود ) دەڵێت : هەركەسێك ساڵەكه زیندوو بكاتەوه ئەوا شەوی قەدر دەپێكێت ! ! ! ( أبي ) فەرمووی : ڕەحمەتی خوای لێ بێت ، ویستی خەڵكی كەم تەرخەمی تێدا نەكەن بەگرتنی تەنها ئەو شەوە ، سوێند بێت بەو كەسەی كه هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگه له ئەو نەبێت ، بەڕاستی و بێ گومان له ڕەمەزاندایه ـ سوێند دەخوات ( إن شاء الله ) ناكات ـ وه سوێند به ( الله ) بەڕاستی من دەزانم كام شەوەیه ؟ ئەو شەوەیه كه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێ كردین كه زیندووی بكەینەوه ئەویش ئەو شەوە بوو كه بەیانیەكەی بیست و حەوتەمه له

[٤] أخرجه مسلم وغيره . وهو مخرج في : صحيح أبي داود : ١٢٤٧ .

ڕەمەزان ، و نیشانەکەشی ئەوەیە کە خۆر لە بەر بەیانەکەیدا دەردەچێت سپییە و تیشکی کەمە ، وە ئەم ووتەیەی دەدا پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ .

## دروست بوونی جەماعەت لەم نوێژەدا

## ( واتە : نوێژی تەراویح ) :

## مشروعية الجماعة في الصلاة ( في القيام )

٤ ـ وە جەماعەت کردن دروستە لە نوێژی تەراویحدا ، بەڵکو چاکترە لە نوێژی تەنها ، لە بەر پێهەستانی خودی پێغەمبەر ﷺ بەو کارە بە جەماعەت ، و ڕوون کردنەوەی خێر و چاکەی ئەو کردارە بە ووتەی خۆی ، هەر وەکو چۆن لە فەرموودەی (أبو ذر) دا هاتووە رضي الله عنه کە فەرموویەتی : "صمنا مع رسول الله رمضان ، فلم يقم بنا شيئا من الشهر حتى بقي سبع ، فقام بنا حتى ذهب ثلث الليل ، فلما كانت السادسة لم يقم بنا ، فلما كانت الخامسة قام بنا حتى ذهب شطر الليل ، فقلت : يا رسول الله ! لو نفلتنا قيام هذه الليلة ؟ فقال : إن الرجل إذا صلى مع الإمام حتى ينصرف ، حسب له قيام ليلة .

فلما كانت الرابعة لم يقم ، فلما كانت الثالثة[٥] جمع أهله ونساءه والناس فقام بنا حتى خشينا أن يفوتنا الفلاح . قال : قلت : ما الفلاح ؟ قال : السحور ، ثم لم يقم بنا بقية الشهر"[٦] .

واته : به ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بووین لـه گـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ هیچ شەوێك شەونوێژی پێ نەكردین لەو مانگەدا ، تاكو حەوت شەوی مابوو و شەو نوێژی پێ كردین تاكو سێ یەكی شـەو ڕۆیشـت ، وە كاتێـك كـه شـەوی شەشەمی بوو شەو نوێژی پێ نه كردین ، وە كاتێك شەوی پێنجەمی بوو شەو نوێژی پێ كردین تاكو نیوەی شەو ڕۆیشت ، و ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەگـەر تـەواوی شـەوەكەمان بـۆ زینـدو بكەیتـەوە بـه نوێـژكردن ، ئـەویش فەرمووی : بەڕاستی ئەگەر كەسێك نوێژ له گەڵ پـێش نوێـژدا بكـات تـاكو لێ دەبێتەوە شەونوێژی تەواوی ئەو شەوەی بۆ دەنوسرێت.

وە كاتێك كه شەوی چوارەمی بوو پێ نەكردین ، و كاتێك كه شەوی سـێ یـەمی بـوو هـەموو كـەس و كـار و خێزانـەكانی و خـەڵكی كـۆكردەوە ، و شەونوێژی پێ كردین تاكو ترساین كه (الفلاح) مان له دەسـت بچێت ، ڕاوی

---

[٥] يعني ليلة سبع وعشرين وهي ليلة القدر على الأرجح كما سبق ولذلك جمع النبي صلى الله عليه وآله وسلم أهله ونساؤه وبذلك ترجم ابن خزيمة للحديث في (صحيحه) ( ٣ / ٢٣٧ ) .

[٦] حديث صحيح أخرجه أصحاب السنن وابن خزيمة في (صحيحه) ( ٢٢٠٦ ) وغيرهم وهو مخرج في " صلاة التراويح " ( ص ١٦ – ١٧ ) و " صحيح أبي داود " (١٢٤٥) وله شاهد من حديث أبي هريرة في (صحيح ابن خزيمة) ( ٤٢٠٨ ) .

دەڵێت : ووتم (الفلاح) چیە ؟ ووتی : پارشێوە ، ئینجا ئەوەی مابوو لە مانگەکە شەو نوێژی پێ نەکردین .

## هۆی بەردەوام نەبوونی پێغەمبەر ﷺ لەسەر جەماعەت کردن لە ڕەمەزاندا :

٥ ـ نەکردنی شەونوێژی تەراویح لە لایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ بە هاوەڵانی بە جەماعەت لەتەواوی مانگەکە تەنها لەترسی ئەوەدا بوو نەوەك شەونوێژی ڕەمەزانیان لەسەر فەرز بکرێت ، دواتر نەتوانن ئەنجامی بدەن ، هەروەکو لە فەرموودەکەی (عائشة) دا هاتووە لە (الصحیحین) و کتێبی تریشدا [٧] .

ئەم ترسەش ڕەویەوە و نەما بە وەفاتی پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی کە خوای پەروەردگار شەریعەتی تەواو کرد ، وە بەوەش واز لێ هێنراوەکە نەما ، کە نەکردنی جەماعەتە لە ڕەمەزاندا ، بەڵام ئەو حوکمەی پێشوو وەك خۆی مایەوە کە دروستی ئەنجامدانی نوێژەکەیە بە جەماعەت ، بۆیە (عمر) رضي الله عنه

---

(٧) انظر سیاقه وتخریجه في " التراویح " ( ص ١٢ – ١٤ ) .

ئەو سوننەتەی زیندوو كردەوە ، وەك لە (صحيح البخاري) و هی تردا هاتووە (٨) .

## دروست بوونی جەماعەت بۆئافرەتان :

## ( مشروعية الجماعة للنساء )

٦ ـ وە دروستە بۆ ئافرەتان ئامادەی ئەو نوێژە بن بە جەماعەت ، هەروەك لە فەرموودەكەی پێشووی (أبو ذر)دا هاتووە ، بەڵكو دروستە پێشنوێژێكی تایبەتیان بۆ دابنرێت ، جگە لە پێشنوێژی پیاوان ، ئەو كردارەش جێگیر بووە لە (عمر) ەوە رضي الله عنه لەو كاتەی كە خەڵكی كۆكردەوە لەسەر ئەنجامدانی نوێژی تەراویح بەجەماعەت بە دوای پێشنوێژێك بۆ پیاوان كە (أُبَيّ)ی كوڕی (كعب) بوو ، و پێش نوێژی ئافرەتانیش (سليمان)ی كوڕی (أبي حثمة) ە بووە .

---

(٨) انظر تخريجه وكلام ابن عبد البر وغيره عليه في المصدر السابق ( ص ٤٩ - ٥٢ ) .

له (عرفجة الثقفي) ەوه دەگێڕنـەوه كـه فەرموویـەتی : "كان علي بن أبي طالب رضي الله عنه يأمر الناس بقيام شهر رمضان ويجعل للرجال إماما وللنساء إماما قال : فكنت أنا إمام النساء " [٩] .

واتــه : (علي)ی كـوڕی (أبي طالب) فــەرمانی بــه خــەڵكی دەكـرد كـه شەونوێژی به جەماعەت ئەنجام بدەن ، و پێش نوێژێكی بۆ پیاوان ، و پـێش نوێژێكیشی بۆ ئافرەتان دادەنا ، دەڵێ : منیش پێش نوێژی ئافرەتان بووم .

منیش دەڵێم (واته : شێخی ئەلبانی) : ئەمه لـه لای مـن شـوێنەكەی ئـەو كاتەیه كه ئەگەر مزگەوتەكە فراوان بێت ، بۆ ئەوەی هـەردوو پـێش نوێژەكـه لەیەكتر تێك نەدەن .

---

[٩] أخرجه والذي قبله البيهقي ( ٢ / ٤٩٤ ) وأخرج الأول منهما عبد الرزاق أيضا في " المصنف " ( ٤ / ٢٥٨ / ٨٧٢٢ ) وأخرجهما ابن نصر أيضا في ( قيام رمضان ) ( ص ٩٣ ) ثم احتج بهما على ما ذكرنا ( ص ٩٥ ) .

## ژمارەی ڕەکاتەکانی تەراویح

## ( عدد ركعات القيام )

٧ ـ وه ژمارەی ڕەکاتەکانیشی یانزە ڕەکاتە ، وە ئەوەش هەڵدەبژێرین کە هیچی لەسەر زیاد نەکرێت ، وەکو شوێن کەوتنێك بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کە تاکو لە دونیا دەرچوونی زیادی لە سەر نەکردووە ، و کە پرسیاریش کرا لە ( عائشة ) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەربارەی نوێژی پێغەمبەر ﷺ لە ڕەمەزاندا ؟ ئەویش فەرمووی : " ما كان رسول الله ﷺ يزيد في رمضان ، ولا في غيره على إحدى عشرة ركعة ، يصلي أربعا ، فلا تسل عن حسنهن وطولهن ، ثم يصلي أربعا ، فلا تسل عن حسنهن وطولهن ، ثم يصلي ثلاثا " [١٠] .

واتە : هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ نە لە ڕەمەزان و نەش لە جگە لە ڕەمەزاندا لە یانزە ڕەکات زیاتری نەکردووە ، چوار ڕەکاتی دەکرد مەپرسە سەبارەت بە جوانی و درێژیان ، پاشان چوار ڕکاتی دەکرد مەپرسە سەبارەت بە جوانی و درێژییان ، پاشان سێ ڕکاتی دەکرد .

٨ ـ وە بۆی هەیە لەو ژمارەیەش کەمتر بکات ، ئەگەر تەنها یەك ڕکاتی وتریش بکات بەتەنها ، بە بەڵگەی کردووە و گوفتاری پێغەمبەر ﷺ .

---

[١٠] أخرجه الشيخان وغيرهما وهو مخرج في " صلاة التراويح " ( ٢٠ - ٢١ ) و " صحيح أبي داود " ( ١٢١٢ ) .

سەبارەت بە بەڵگەی کردەوە : ئەو فەرموودەیە کە تێیدا هاتووە : " سئلت عائشة رضي الله عنها : بكم كان رسول الله ﷺ يوتر ؟ قالت : كان يوتر بأربع [١١] " [١٢] .

واتە : پرسیار کرا لە (عائشة) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ پێغەمبەری خوا ﷺ چەند ڕکات وتری دەکرد؟ ئەویش فەرمووی وترەکەی چوار ڕکات و سێ ڕکات ، وشەش ڕکات و سێ ڕکات ، و دە و سێ ڕکات بووە ، و بە کەمتر لە حەوت ڕکات نوێژی وتری نەدەکرد ، ونەش لە سیانزە ڕکات زیاتر نوێژی وتری دەکرد .

وە سەبارەت بە بەڵگەی گوفتاری پێغەمبەر ﷺ ئەو فەرموودەیەیە کە فەرموویەتی : " الوتر حق فمن شاء فليوتر بخمس ومن شاء فليوتر بثلاث ومن شاء فليوتر لواحدة " [١٣] .

---

[١١] قلت : منها ركعتا سنة العشاء البعدية أو الركعتان الخفيفتان اللتان كان النبي ﷺ يفتتح صلاة الليل بهما على ما رجحه الحافظ أنظر " صلاة التراويح " (ص ١٩ – ٢٠)

[١٢] رواه أبو داود وأحمد وغيرهما وهو حديث جيد الإسناد وصححه العراقي وهو مخرج في " صلاة التراويح " ( ص ٩٨ – ٩٩ ) و ( صحيح أبي داود ) ( ١٢٣٣ ) .

[١٣] رواه الطحاوي والحاكم وغيرهما وهو حديث صحيح الإسناد كما قال جماعة من الأئمة وله شاهد فيه زيادة منكرة كما بينته في " التراويح " ( ص ٩٩ – ١٠٠ ) .

واتـه : ئـەنجام دانـی نوێـژی وتـر پێویسـت و ڕەوایـه ( حـق ) ، جـا هـەر کەسێك ویستی با بە پێنج ڕکات وتر بکات ، و هەر کەسێکیش دەیەوێت با بە سێ ڕکات وتر بکات ، و هەر کەسێکیش دەیەوێت با بە یەك ڕکات وتر بکات .

## خوێندنی قورئان لەشەو نوێژدا

٩ ـ وه سـەبارەت بـه خوێنـدنی قورئـان لـه نوێـژی ڕەمـەزان و شـەوانی تریشدا ، پێغەمبەر ﷺ هیچ سنورێکی دیاری نەکردووە تاوەکو زیاد و کەمی لەسەر نەکرێت ، بەڵکو خوێندنەوەکەی خۆی ﷺ لەم نوێـژەدا جیـاواز بـووە لە درێژی و کورتیدا ، و جاری وا هەبووە لە هەموو ڕکاتێکدا بەقـەدەر : ﴿ يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ ﴾ ی دەخوێندەوە ، کە ئەویش بیست ئایەتە ، وە هەنـدێ جاریش بەقەدەر پەنجا ئایەتی دەخوێندەوە ، و دەیفەرموو : " من صلى في ليلة بمائة آية لم يكتب من الغافلين " .

واتە : هـەر کەسـێك لـە شـەوێکدا بەسـەد ئایـەت شـەونوێژی بکـات لـەبێ ئاگایان نانوسرێت .

وە لـە فەرموودەیـەكی تریشـدا هـاتووە : " ... بمئتي آية فإنه يكتب من القانتين المخلصين " .

واتە : بـە دووسـەد ئایـەت شـەو نوێـژی بكـات ئـەوا لـە (القانتين : واتـە : ئەوانـەی كـە بـەردەوامن لـە پەرستشـەكانیان ، یـان وەسـتانەكانیان لـە پەرسـتنەكانیاندا درێـژە خایەنـە ) و ( المخلصين : ئـەو كەسـانەی كـە كارەكانیـان تـەنها لـە بـەر ڕەزامەنـدی خـوای پـەروەردگار ئـەنجام دەدەن ) دەنوسرێت .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ شـەوێكیان كـە نـەخۆش بـوو ، حـەوت سـورەتە درێژەكـەی خوێنـدەوە كـە سـورەتی (البقرة) و (آل عمران) و (النسـاء) و (المائدة) و (الآنعام) و (الآعراف) و (التوبة) ەن .

وە لـە باسـی نوێژەكـەی ( حذيفة ) ی كـوڕی ( اليمان ) دا رضي الله عنه لـە دوای پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە كە پێغەمبەر ﷺ لە یـەك ڕكاتـدا سورەتی ( البقرة ) و ( النساء ) و ( آل عمران ) ی خوێندوەتەوە ، كە بـە لەسـەر خـۆ و ئایەت ئایەت دەیخوێندنەوە [١٤] .

[١٤] هذه الأحاديث كلها صحيحة مخرجة في " صفة الصلاة " ( ١١٧ - ١٢٢ ) .

وە بە (أصح إسناد) لە ڕێگەی (عمر) ەوە ﵁ پێمان گەیشتووە کاتێك کە فەرمانی بە (أبي)ی کوڕی (کعب) کرد ﵁ کە نوێژی تەراویح یانزە ڕکات بەخەڵکی بکات لە ڕەمەزاندا (أبي) ﵁ دوو سەد ئایەتی قورئانی بۆ دەخوێندن ، بەشێوەیەك ئەوانەی کە لە بە دوایدا نوێژیان دەکرد لەبەر درێژی قورئان خوێندنەکەی خۆیان دەدا بەسەر گۆپاڵ و داردەستەکانیان ، و نەش دەگەڕانەوە (واتە: بۆ ماڵەکانیان) تاکو سەرەتاکانی گزنگ (الفجر)[١٥].

وە دیسانەوە لە ( عمر ) ەوە بە ( صحيح ) ی هاتووە کە بانگی قورئان خوێنەکانی کرد لە ڕەمەزاندا ، و فەرمانی کرد بە خێرا ترینیان لە خوێندندا کە سی ئایەت بخوێنێت ، و ناوەندەکەیان بیست وپێنج ئایەت ، و لەسەر خۆکەیان بیست ئایەت بخوێنێت [١٦] .

بۆیە لەسەر ئەو ووتانەی پێشوو ئەگەر کەسێك نوێژی بەتەنها بۆ خوی دەکرد چەندێك دەتوانێت با نوێژەکەی درێژ بکاتەوە ، و هەروەها ئەگەر کەسانێك بە دوایدا نوێژیان دەکرد وڕازیش بوون لەسەر ئەو درێژ کردنەوەیە ، ئەوە هەرچەند خوێندنەوەکە درێژتر بکاتەوە باشترە ، بەڵام ئەوەندەش زیاد

---

(١٥) رواه مالك بنحوه . انظر " صلاة التراويح " ( ص ٥٢ ) .

(١٦) انظر تخريجه في المصدر السابق ( ص ٧١ ) ورواه عبد الرزاق أيضا في " المصنف " ( ٤ / ٢٦١ / ٧٧٣١ ) والبيهقي ( ٢ / ٤٩٧ ) .

ڕەوی تێدا نەکات لە درێژ کردنەوەکە تاکو وای لێ بێت شەوەکە هەمووی خەریکی شەو نوێژ بێت جگە لە بەشێکی کەمی نەبێت ، ئەوەش وەکو شوێن کەوتنی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : " وخير الهدي هدي **محمد** " [١٧] .

واتە : خێرترین و چاکترین ڕێگە و ڕێباز ، ڕێگە و ڕێبازی ( **محمد** )ە .

بەڵام ئەگەر پێشنوێژی دەکرد بۆ کەسانی تر ، ئەوا پێویستە لەسەری کە ئەوەندە درێژی بکاتەوە کە ئەوانەی لە دوای نوێژ دەکەن ناڕەحەت نەبن لەبەر ئەو فەرمودەیەی کە پێغەمبەر ﷺ تێیدا فەرموویەتی : " إذا قام أحدكم للناس فليخفف الصلاة فإن فيهم ( الصغير ) والكبير وفيهم الضعيف و ( المريض ) ( وذا الحاجة ) وإذا قام وحده فليطل صلاته ما شاء " [١٨] .

واتە : ئەگەر کەسێك لە ئێوە شەو نوێژی بەخەڵك دەکرد با نوێژێکی سووکیان بۆ بکات ، چونکە لە ناویاندا منداڵ و گەورە و و لاوازیان تێدایە و نەخۆش و خاوەن ئیشیشیان تێدایە ، وە ئەگەر خۆی بەتەنها شەونوێژی بۆ خۆی دەکرد با چەند دەتوانێت نوێژەکەی درێژ بکاتەوە .

---

[١٧] هو بعض حديث رواه مسلم والنسائي وغيرهما وهو مخرج في " أحكام الجنائز " ( ص ١٨ ) و" الإرواء " ( ٦٠٨ ).

[١٨] أخرجه الشيخان واللفظ والزيادات لمسلم وهو مخرج في"الإرواء " ( ٥١٢ ) و " صحيح أبي داود " ( ٧٥٩ و ٧٦٠ ) .

# کـــاتی شـەو نوێژ

## ( وقت القيام )

١٠ ـ کاتی نوێژی تەراویحیش لەدوای نوێژی شێوان ( عیشا ) وە دەست پێ دەکات تاکو کاتی نوێژی بەیانی ، لـە بـەر ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەر ﷺ کە فەرموویەتی : " إن الله زادكم صلاة وهي الوتر [١٩] فصلوها بين صلاة العشاء إلى صلاة الفجر " [٢٠] .

واتە : خوای گەورە نوێژێکی بۆ زیاد کردوون ، کە ئەویش نوێژی وترە ، جا ئەم نوێژە لەنێوان نوێژی عیشا تاکو نوێژی بەیانی ئەنجام بدەن .

١١ ـ وە ئەنجامدانی نوێژ لەکۆتایی شەودا باشترە بـۆ کەسـێك کـە بـۆی بگونجێت لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کـە فەرموویـەتی : " من خاف أن لا يقوم من آخر الليل فليوتر أوله ، ومن طمع أن يقوم آخره فليوتر آخر الليل ، فإن صلاة آخر الليل مشهودة ، وذلك أفضل " [٢١] .

---

[١٩] الحاشية : تسمى صلاة الليل كلها وترا لأن عددها وتر أي : عدد فردي .

واتە : بەهەموو شەونوێژێك دەوترێت (وتر) چونكە ژمارەكەی تاكە.

[٢٠] حديث صحيح أخرجه أحمد وغيره عن أبي بصرة وهو مخرج في " الصحيحة " (١٠٨) و " الإرواء " ( ٢ / ١٥٨ ).

[٢١] أخرجه مسلم وغيره وهو مخرج في " الصحيحة " ( ٢٦١٠ ) .

واته : هەركەسێك ترسا له كوتایی شەودا به ئاگا نەیەت با لـه سـەرەتایی شەودا وترەكەی بكات ، و هەر كەسێكیش زانی كه له كۆتـابی شـەودا بـەئاگا دەبێت با وترەكەی له كۆتـایی شـەودا بكـات ، چـونكه نوێـژی كۆتـایی شـەو فریشتەكان ئامادەی دەبن ، و ئەوەش باشترە .

١٢ ـ وه ئەگـەر بـەراوردكردنی نوێژەكـه لـه نێـوان ئـەوەدا بـوو كـه لـه سەرەتایی شەودا بەجەماعەت بیكات باشترە ، یان له كۆتایی شەودا بەتـەنها ، ئەوا نوێژكردنی بەجەماعەت له سەرەتای شەودا باشترە ، چـونكه ئەمـەیان شەو نوێژی شەوێكی تەواوی بۆ دەنوسرێت وەك له بڕگەی ( ٤ ) دا ئامـاژەی پیٚ دراوه ، به فەرموودەیەكی ( مرفوع : واته : دراوەته پالٚ پێغەمبەر ﷺ ) ، و كردەوەی هاوەڵانیش له سەردەمی ( عمر ) دا رضي الله عنه له سەر ئەمه بـووه ، ( عبدالرحمن ) ی كوڕی ( عبدالقادر ) بۆمان دەگێڕێتەوه و دەڵێت : " خرجت مع عمر بن الخطاب ليلة في رمضان إلى المسجد فإذا الناس أوزاع متفرقون يصلي الرجل لنفسه ويصلي الرجل فيصلي بصلاته الرهط فقال : والله إني لأرى لـو جمعت هؤلاء على قارىء واحد لكان أمثل ثم عزم فجمعهم على أبي بن كعب قال : ثم خرجت معه ليلة أخرى والناس يصلون بصلاة قارئهم فقال عمر :

نعمت البدعة هذه [٢٢] والتي ينامون عنها أفضل من التي يقومون . يريد آخر الليل . وكان الناس يقومون أوله " [٢٣] .

واتــه : شــەوێك لەگــەڵ ( عمر ) ی كــوڕی ( الخطاب ) دا دەرچــووم بــۆ مزگەوت لە ڕەمەزانـدا ، كەچـی خـەڵكی هـەرکێ بـۆ خـۆ و جیـا جیـا بـوون ، كەسێك نوێژ بۆ خۆی دەكات بەتەنها ، و یەكێك نوێژ دەكات و چەند كەسێك بە دوایدا نوێژ دەكەن ، (عمر) فەرمووی : بەخوا وا دەزانم ئەگەر ئەم خەڵكە لە سەر یەك قورئان خوێن كۆبكەمەوە باشترە ، ئینجا خۆی یەكلایی كردەوە وكۆیـانی كردنــەوە لەســەر ( أبي ) ی كــوڕی ( كعب ) ، دەڵێــت : پاشـان

---

[٢٢] **برای موسوڵمان :** بۆ تێگەیشتن لەم برگەیەی پێشەوا ( عمر ) ﷺ ، ئەم خاڵانە ڕەچاو بكە :

**أ ـ** مەبەستی عمر ﷺ لە ڕستەی "نعمت البدعة هذه" ئەوە نیە كە كردارەكەی عمر ﷺ بیدعە بێت لـە زاراوەی شەرعدا ، چونكە هەر وەكو ئاشكرایە بیدعە : شتێكی تازەیە دەخرێتە سەر ئایینی ئیسلامی پیرۆز و هیچ بنەوایەكی لە قورئان یان لە سوننەتەكانی پێغەمبەردا ﷺ نیە ، بەڵام كردەوەكەی عمر ﷺ بنەوای هەیە لـە سـوننەتی پێغەمبـەردا ﷺ بەڵام لە ترسی فەرز بوونی وازی لێهێنـاوە ، وە كـە ترسـی فـەرز بـوونی نـەما عمـر ﷺ ئـەو سـوننەتەی زینـدوو كردەوە.

**ب ـ** بە كار هێنانی زاراوەی ( بیدعة ) لە لایەن عمرەوە ﷺ بەكار هێنانێكی زمانەوانیە و هیچی تر ، جا بـە ئاگـە بە لە ووتەی ئەو كەسانەی كە دەڵێن : ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی كە ( **بیدعەی حەسەنە** ) لە ئاییندا هەیە !!!

چـونكە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : " كُلُّ بدعةٍ ضلالة ، وكل ضلالة في النار " . خـوای پـەروەردگار پارێزەری من و ئێوەیش بێت لە گومڕایی و گومڕا بووان و گومڕاكەران .

بڕوانـە كتـێبی : ( علم أصول البدع ) ل : ( ١٢٦ ـ ١٢٩ ) نووسـینی : علي حسن الحلبي ، و ( البدعة وأثرها السيء في الأمة ) ل : ( ٢٢ ـ ٢٤ ) نووسینی : سليم الهلالي . ( **مامۆستا : عدنان بارام** ) .

[٢٣] أخرجه البخاري وغيره وهو مخرج في " التراويح " ( ص ٤٨ ) .

شەوێکی تر لـە گەڵیـدا دەرچـووم ، بینیمـان خـەڵکی نوێـژیان بـەدوای پـێش نوێژەکەیانەوە دەکرد ، ( عمر ) فەرمووی : باشـترین داهێنـرا و ئەمەیـە ، و ئەوەش کە لە سەری دەخەوێت باشترە لەوەی کـە ئیسـتا ئـەنجامی دەدات ، مەبەستی کۆتایی شەوە ، ئەو کاتە خەڵکی شەو نوێژیان لەسەرەتایی شـەودا دەکرد .

وە (زید)ی کـوڕی (وهب) دەفـەرمووێت : " كان عبد الله يصلي بنا شهر رمضان فينصرف بليل " (٢٤) .

واتــە : ( عبـدالله ) نوێـژی پـێ دەکـردین لـە ڕەمەزانـدا ، و بـە شـەو دەگەڕایەوە .

---

(٢٤) أخرجه عبد الرزاق ( ٧٧٤١ ) وإسناده صحيح وقد أشار الإمام أحمد إلى هذا الأثر والذي قبله حين سئل : يؤخر القيام – أي التراويح – إلى آخر الليل ؟ فقال : ( لا سنة المسلمين أحب إلي ) رواه أبو داود في " مسائله " ( ص ٦٢ ) .

## ئەو شێواز ( چۆنیێتی ) یانەی كە نوێژی تەراویحی پیّ دەكرێت

١٣ ـ ئەمەم بە درێـژی لـە كتێبـی ( صلاة التراويح ) دا (لاپـەڕە ١٠١ ـ ١١٥ ) بـاس كـردووە و بەباشـی دەزانم پوختەكـەی لێـرەدا بـاس بكـەم بـۆ ئەوەی ئاسانكاریەك بێت بۆ خوێنەر و بیرخستنەوەیەك بێت بۆی :

**شێوازی یەكەم :** سیانزە ڕكات ، بە دوو ڕكاتی سووك دەست پیّ دەكات ، كە ووتەی هەڵبژاردەش ئەوەیە كە ئەو دوو ڕكاتە سـوننەتەكەی دوای نوێـژی عیشا بێت ، یان دوو ڕكاتی تایبەتن شەو نوێـژی پـیّ دەسـت پـیّ دەكرێـت ، وەك باس كرا ، پاشان دوو ڕكاتی زۆر درێژ دەكات ، پاشان دوو ڕكاتی لـەوە كورت تر ، پاشان دوو ڕكاتی لەمە كورت تر ، پاشان دوو ڕكاتی لەمـە كـورت تر ، پاشان دوو ڕكاتی لەوە كورت تر ، پاشان یەك ڕكات وتر دەكات .

**دووەمیان :** سیانزە ڕكات دەكات ، لەوانە هەشت ڕكاتیان لە نێوان هەموو دوو ڕكاتێك سەلام دەداتەوە پاشان بە پێنج ڕكات وتر دەكات دانانیشـێت بـۆ خوێندنەوەی تەحیات ، و سەلام دانەوە لە پێنجەم ڕكات نەبێت .

**سیّ یەمیان :** یانزە ڕكات ، لە نێوان هەموو دوو ڕكاتێك سـەلام دەداتـەوە ، و بەیەك ڕكات وتر دەكات .

**چوارەمیان :** یانزه ڕکات دەكات ، چواریان بەیەك سەلام ئەنجام دەدات ، پاشان چواری تریش بەو شێوەیە ، پاشان سێ ڕکات .

بەڵام ئایا لە نێوان هەموو دوو ڕکاتێك لە چوار ڕکاتی و سێ ڕکاتێکدا دادەنیشێت ؟ ئەمەیان وەڵامێکی تێر و تەسەلمان نە دۆزیوەتەوە دەربارەی . بەڵام دانیشتن لە سێ ڕکاتیدا دروست نیە ! ! واتە : دانیشتن بۆ تەحیات لە ( ڕکاتی دووەم ) دا چونکە نەهی هاتووە دەربارەی شوبهاندنی بە نوێژی مەغریب .

**پێنجەمیان :** یانزه ڕکات دەکات ، لەوانە هەشت ڕکاتیان تیا لە گەڵ یەکدا ئەنجام دەدات بێ ئەوەی دابنیشێت لە ڕکاتی هەشتەم نەبێت ، پاشان تەحیات دەخوێنێت و صەڵاوات دەدات لە سەر پێغەمبەر ﷺ ، و پاشان هەڵدەستێت وسەلام ناداتەوە ، پاشان یەك ڕکات وتر دەکات ، و سەلام دەداتەوە ، ئەمە نۆ ڕکات ، پاشان دوو ڕکاتی تر دەکات بە دانیشتنەوە .

**شەشەمیان :** شەش ڕکات دەکات لە هیچ ڕکاتێك لەوانە دانانیشێت لە شەشەم ڕکات نەبێت ، پاشان تەحیات دەخوێنێت و صەڵاوات دەدات لە سەر پێغەمبەر ﷺ دەدات و ... هتد وەکو شێوازی پێشوو .

ئەمانە ئەو شێوازانەن کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ پێمان گەشتوون بە پێی دەقی فەرموودە ، و دەکرێت جۆری تریشی بۆ زیاد بکرێت ، ئەوەش بەوەی کە لە هەر شێوازێك چەند دەتوانێت لە ڕکاتەکانی کەم بکاتەوە هەتاکو دەگاتە یەك ڕکات ، ئەوەش ئیش کردنە بە گوفتاری پێغەمبەر ﷺ کە پێشتر باس کرا کە فەرموویەتی : " ... فمن شاء فليوتر بخمس ، ومن شاء فليوتر بثلاث ، ومن شاء فليوتر بواحدة " [٢٥] .

واتە : هەر کەسێك ویستی پێنج ڕکات وتر بکات ، و هەر کەسیش ویستی بەسێ ڕکات وتر بکات ، و هەر کەسیش ویستی بەیەك ڕکات وتر بکات .

جا ئەم پێنج ڕکاتی و سێ ڕکاتیە دەتوانێت بەیەك دانیشتن و یەك سەلام دانەوە ئەنجامی بدات ، هەروەك لە شێوازی دووەمدا ڕوون کراوەتەوە ، وە دەتوانێت لە نێوان هەموو دوو ڕکاتێکدا سەلام بداتەوە وەك لە شێوازی سێیەم وەی تریشدا ڕوون کراوەتەوە ، و ئەمەشیان باشترە .

وە سەبارەت بە نوێژی پێنج ڕکاتی وسێ ڕکاتی بە دانیشتن لە نێوان هەموو دوو ڕکاتێك بە بێ سەلام دانەوە نەمان بینیوە ئەو شێوازە جێگر و سەلمێنرا بێت لە پێغەمبەرەوە ﷺ وە بنەواش وایە کە دروستە ، بەڵام

---

[٢٥] أنظر الفقرة : ٨ ، ص ١٦ .

لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە کە بەسێ ڕکات وتر بکرێت ، و هۆکارەکەشی بەوە هێناوەتەوە کە فەرموویەتی : " ولا تشبهوا بصلاة المغرب " [٢٦] .

وە نەیشوبهێنن بە نوێژی مەغریب .

بۆیە ئەو کاتە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە بەسێ ڕکات نوێژی وتر ئەنجام دەدات ، دوور بکەوێتەوە لە خۆ شوبهاندن بەو نوێژە ، ئەوەش لە دوو ڕووە دەبێت :

**یەکەمیان :** سەلام دانەوە لە نێوان جووت ( الشفع ) و تاکی ( الوتر ) نوێژەکەدا ، و ئەمەیان بەهێزتر و چاکترە [٢٧] .

**ئەوی تریان :** بە دانەنیشتن لە نێوان جووت ( الشفع ) و تاکی ( الوتر ) نوێژەکەدا ، و خواش زاناترە .

---

[٢٦] أخرجه الطحاوي والدارقطني وغيرهما . أنظر " التراويح " ( ٩٩ و١١٠ ) .

[٢٧] وتسمية الركعة بالبتيراء لا أصل له بل هو خلاف السنة فقد كان ابن عمر يوتر بركعة فسأله رجل عن الوتر فأمره أن يفصل فقال : إني خشيت أن يقول الناس : إنها البتيراء فقال ابن عمر : أسنة الله ورسوله تريد ؟ هذه سنة الله ورسوله . رواه ابن خزيمة ( ١٠٧٤ ) بسند صحيح .

## قورئان خوێندن لەسێ ڕکاتی وتردا :

١٤ ـ سوننەت وایە کە لە ڕکاتی یەکەمی سێ ڕکاتی وتـردا : ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾ بخوێنێت ، و لە دووەمیدا : ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ﴾ و لە سێیەمیدا : ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ ، وە هەندێك جاریش : ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ﴾ ، و : ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾ ی لەگەڵدا زیـاد بکـات . وە لـە فـەرموودەی ( صحيح ) یشـدا هاتووە کـە جارێکیـان پێغەمبـەر ﷺ سـەد ئایـەتی لـە سـورەتی ( النساء ) خوێندووەتەوە لە ڕکاتێکی وتردا [٢٨] .

## دوعای ( القنوت ) و شوێنەکەی :

١٥ ـ وە دوای ئـەوەی کـە لـە قورئـان خوێندنـەوە دەبێتـەوە و پـێش کڕنـووش بردنـی ، هەنـدێك جـار ئـەو دوعایـەی قنـوت دەخوێنێتـەوە کـە پێغەمبەری خوا ﷺ : ( حسن ) ی کوڕی (علي) ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ فێر کردبـوو ، کـە ئـەویش بریتیـە لـە : " اللهم اهدني فيمن هديت وعافني فيمن عافيت وتولني فيمن توليت وبارك لي فيما أعطيت وقني شر ما قضيت فإنك

---

[٢٨] رواه النسائي وأحمد بسند صحيح ) ( رواه النسائي وأحمد بسند صحيح ) .

تقضي ولا يقضى عليك وإنه لا يذل من واليت ولا يعز من عاديت تباركت ربنا وتعاليت لا منجا منك إلا إليك "[٢٩] .

١٦ - وە دروستە دوعای قنوت دوای کڕنووشیش بخوێنرێت ، وە دروستیشە زیادەی بخرێتە سەر بەوەی کە تێیدا دوعا و نەفرەت بکرێت لە بێ باوەڕان ، یان سەڵەواتی تێدا بدرێت لە سەر پێغەمبەر ﷺ یان دوعای تێدا بکرێت بۆ موسڵمانان لەنیوەی دووەمی ڕەمەزاندا ، لە بەر جێگیر بوونی هەموو ئەمانە لە پێش نوێژەکانی سەردەمی عمر رضي الله عنه ، وە لە کۆتایی فەرموودەکەی (عبدالرحمن)ی کوڕی (عبدالقادر) دا هاتووە کە پێشتر لە لاپەڕە ( ٢٣) باس کرا کە تێیدا هاتووە ، لە نیوەی دووەمی ڕەمەزاندا نەفرەتیان لە بێ باوەڕان دەکرد و دەیانووت : " وكانوا يلعنون الكفرة في النصف : اللهم قاتل الكفرة الذين يصدون عن سبيلك ويكذبون رسلك ولا يؤمنون بوعدك وخالف بين كلمتهم وألق في قلوبهم الرعب وألق عليهم رجزك وعذابك إله الحق " ، پاشان سەڵاوات دەدات لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ، و چەندی پێ دەکرێت دوعای خێر بۆ موسڵمان بکات ، پاشان داوای لێ خۆش بوون بۆ ئیمانداران بکات .

---

[٢٩] أخرجه أبو داود والنسائي وغيرهما بسند صحيح أنظر " صفة الصلاة " ( ص ٩٥ و٩٦ ط ٧ ) .

وە دەڵێت : كاتێك كە لە نەفرەت كردن لە بێ باوەڕان وسەلاوات دان دەبووەوە لە سەر پێغەمبەر ﷺ داوای لێ خۆش بوونی بۆ ئیماندارانی پیاوان و ئافرەتان دەكرد ، و لە داواكاریەكەی دەبووەوە و دەیووت : " اللهم إياك نعبد ولك نصلي ونسجد وإليك نسعى ونحفد [٣٠] ونرجو رحمتك ربنا ونخاف عذابك الجد إن عذابك لمن عاديت ملحق " .

پاشان ( الله أكبر ) ی دەكرد و سوژدەی دەبرد [٣١] .

## چی دەڵێیت لە كۆتایی نوێژی وتردا :

١٧ ـ وە سوننەت وایە كە لە كۆتایی نوێژە وترەكەیدا ، پێش سەلام دانەوە بێت یان پاشی ، بڵێت : " اللهم إني أعوذ برضاك من سخطك وبمعافاتك من عقوبتك وأعوذ بك منك لا أحصي ثناء عليك أنت كما أثنيت على نفسك " [٣٢] .

١٨ ـ وە كاتێك كە سەلامی نوێژە وترەكەی دەداتەوە دەڵێت : " سبحان الملك القدوس سبحان الملك القدوس سبحان الملك القدوس ( ثلاثا ) "

---

(٣٠) أي : نسرع .

(٣١) رواه ابن خزيمة في " صحيحه " ( ٢ / ١٥٥ – ١٥٦ / ١١٠٠ ) .

(٣٢) صحيح أبي داود ( ١٢٨٢ ) و " الإرواء " ( ٤٣٠ ) .

، ويمد بها صوته ويرفع الثالثة [٣٣] ، واتە : وە دەنگی پێوە درێژ دەکاتەوە ، و لە سێیەمیاندا دەنگی بەرز دەکاتەوە .

## ئەو دوو ڕکاتەی کە پاش نوێژی وتر دەکرێت :

١٩ ـ وە دەتوانێت دووڕکات نوێژ بکات لە بەر جێگیر بوون و سەلماندنی لە کردەوەی خودی پێغەمبەری خواوە ﷺ [٣٤] ، بەڵکو بگرە فەرمانی بە ئوممەتەکەی کردووە بەو دووڕکاتەکە کە فەرموویەتی : " إن هذا السفر جهد وثقل فإذا أوتر أحدكم فليركع ركعتين فإن استيقظ وإلا كانتا له " [٣٥] .

واتە : بەڕاستی سەفەر هیلاکی و قورسیە ، ئەگەر کەسێکتان نوێژی وتری کرد ، با بەدوایدا دوو ڕکات نوێژ بکات ، ئەگەر بەئاگا هات ئەوە چاکە ، وە ئەگەر نە ، ئەو دوو ڕکاتەی بۆ دەنوسرێت .

---

[٣٣] صحيح أبي داود : ١٢٨٤ .

[٣٤] رواه مسلم وغيره انظر ( التراويح ) ( ص ١٠٨ - ١٠٩ ) .

[٣٥] رواه ابن خزيمة في " صحيحه " والدارمي وغيرهما وهو مخرج في " الصحيحة " وقد كنت متوقفا في هاتين الركعتين برهة مديدة من الزمن فلما وقفت على هذا الأمر النبوي الكريم بادرت إلى الأخذ به وعلمت أن قوله ﷺ : " اجعلوا آخر صلاتكم بالليل وترا " إنما هو للتخيير لا للإيجاب وهو قول ابن نصر ( ١٣٠ ) وترجم ابن خزيمة في صحيحه ( ٢ / ١٥٩ ) للحديث ب ( باب ذكر الدليل على أن الصلاة بعد الوتر مباحة لجميع من يريد الصلاة بعده وأن الركعتين اللتين كان ﷺ يصليهما بعد الوتر لم تكونا خاصة للنبي ﷺ دون أمته ) .

٢٠ ـ وە سوننەتە لەو دووڕكاتەدا سورەتی : ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا﴾ ،

و سورەتی : ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ﴾ بخوێنێت[٣٦] .

[٣٦] أخرجه ابن خزيمة ( ١١٠٤ ١١٠٥ ) من حديث عائشة وأنس رضي الله عنهما بإسنادين يقوي أحدهما الآخر وأنظر " صفة الصلاة " ( ١٤٠ ) .

## مانەوە لە مزگەوت بۆ خوا پەرستی

## ( الإعتكاف )

### ڕێی پێدانی ( مشروعيته ) :

١ ـ مانەوە لە مزگەوتدا سوننەتە لە ڕەمەزان بێت یان لە جگە لەو لە هەر ڕۆژێكی تری ساڵ بێت ، و بنەڕەتی بەڵگەش بۆ ئەوە فەرموودەی خوای گەورەیە كە فەرموویەتی : ﴿وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ (٣٧) ، واتە : كاتێك كە لە مزگەوتەكاندا دەمێننەوە بۆ خواپەرستی ، لە گەڵ ئەو هەموو فەرموودە (صحیح) انەی دەربارەی مانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ هاتوون لە مزگەوتدا ، كە لە كتێبی (المصنف)ی (ابن أبي شيبة) ، و (عبدالرزاق) دا باس كراون (٣٨).

---

(٣٧) سورة البقرة : ١٨٧ .

(٣٨) كان هنا في الطبعة السابقة حديث في فضل " من اعتكف يوما ... " فحذفته لأنه تبين لي ضعفه بعد أن خرجته وتكلمت عليه بتفصيل في " سلسلة الأحاديث الضعيفة " ( ٥٣٤٧ ) فكشفت فيه عن علته التي كانت خفيت علي وعلى الهيثمي قبلي .

وە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ەوە جێگیر و سەلمێنراوە کە دە ڕۆژی کۆتایی مانگی (شوال) لە مزگەوتدا ماوەتەوە بۆ خواپەرستی [٣٩] ، وە ئەوەش سەلمێنراوە کە (عمر) بە پێغەمبەری خوای ﷺ فەرموو :

" كنت نذرت في الجاهلية أن أعتكف ليلة في المسجد الحرام ؟ قال : ( فأوف بنذرك ( فاعتكف ليلة ) " [٤٠] .

واتە : لە سەردەمی نەفامی و جاهلیەتدا نەزرم کردبوو کە شەوێك لە مزگەوتی حەرامدا ( المسجد الحرام ) بمێنمەوە ؟ ئەویش پێی فەرموو : " وەفا بکە بە نەزرەکەت بەجێ بێنە ، بەوەی شەوێك لە مزگەوتەکە بمێنەوە.

٢ - وە ئەوەش کە زیاتر جەختی لە سەر کرابێت کە سوننەتە ئەوەیە کە لە ڕەمەزاندا بێت ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە ( أبو هريرة ) دەیگێڕێتەوە کە :

" كان رسول الله ﷺ يعتكف في كل رمضان عشرة أيام فلما كان العام الذي قبض فيه اعتكف عشرين يوما " [٤١] .

---

[٣٩] هو قطعة من حديث لعائشة رواه الشيخان وابن خزيمة في " صحاحهم " وهو مخرج في " صحيح أبي داود " ( ٢١٢٧ ) .

[٤٠] رواه الشيخان وابن خزيمة والزيادة للبخاري في رواية كما في " مختصره " (٩٩٥) وهو مخرج في " صحيح أبي داود " أيضا .

واتـە : پێغەمبـەری خـوا لـە هـەموو ڕەمەزانێکـدا دە ڕۆژ لـە مزگەوتـدا دەمایەوە بۆ خواپەرستی ، وە لەو ساڵە کە وەفاتی کرد بیست ڕۆژ مایەوە لە مزگەوت بۆ خوا پەرستی .

٣ ـ وە چاکترین ڕۆژیش کۆتایی ڕەمەزانە چونکە پێغەمبەر ﷺ لە دە ڕۆژی کۆتایی ڕەمەزاندا لە مزگەوتدا دەمایەوە بۆ خواپەرستی ، تاکو کۆچی دوای کرد [٤٢] .

## مەرجەکانی :

١ ـ ئەنجامدانی (ئیعتیکاف) دروست نیە لە مزگەوتدا نەبێت ، لە بەر فەرموودەی خوای گەورە کە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ[٤٣] وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [٤٤] ، وە دایکە ( عائشة ) ش فەرموویەتی : " السنة في المعتكف

---

[٤١] رواه البخاري وابن خزيمة في " صحيحيهما " وهو مخرج في المصدر السابق ( ٢١٢٦ - ٢١٣٠ ) .

[٤٢] رواه الشيخان وابن خزيمة ( ٢٢٢٣ ) وهو مخرج في " الإرواء " ( ٩٦٦ ) و " صحيح أبي داود " ( ٢١٢٥ ) .

[٤٣] أي لا تجامعوهن . قال ابن عباس : المباشرة والملامسة والمس جماع كله ولكن الله عز وجل يكني ما شاء بما شاء . رواه البيهقي ( ٤ / ٣٢١ ) بسند رجاله ثقات .

[٤٤] سورة البقرة : ١٨٧ ، قد استدل الإمام البخاري على ما ذكرناه بهذه الآية . قال الحافظ : ( ووجه الدلالة من الآية أنه لو صح في غير المسجد لم يخص تحريم المباشرة به لأن الجماع مناف للاعتكاف بالإجماع فعلم من ذكر المساجد أن المراد أن الاعتكاف لا يكون إلا في فيها .

أن لا يخرج إلا لحاجته التي لا بد له منها ولا يعود مريضا ولا يمس أمراته ولا يباشرها ولا اعتكاف إلا في مسجد جماعة والسنة فيمن اعتكف أن يصوم" [٤٥].

واته : سوننەت وايە بۆ ئەو كەسەى لە مزگەوتدا دەمێنێتەوە بۆ خواپەرستى كە دەرنەچێت لە مزگەوت بۆ پێويستى يەك نەبێت كە ناچارى بكات ، و سەردانى نەخۆش نەكات ، و لە ئافرەت نزيك نەبێتەوە ، وە مانەوەش دەبێت لە مزگەوتێكدا بێت كە جەماعەتى تێدا بكرێت ، وە سوننەت وايە بۆ ئەو كەسەى كە دەمێنێتەوە بۆ خوا پەرستى كە بە ڕۆژوو بێت .

٢ - وە پێويستە مزگەوتەكە مزگەوتێك بێت نوێژى جومعەى تێدا بكرێت ، بۆ ئەوەى ناچار نەبێت كە دەربچێت بۆ نوێژى جومعە ، چونكە دەرچوون بۆ نوێژى جومعە واجبە لە سەرى ، لە بەر فەرموودەى ( عائشة ) كە لە ڕيوايەتێك لێوە دەگێڕنەوە كە فەرموويەتى : " ... ولا اعتكاف إلا في مسجد جامع " [٤٦] .

---

(٤٥) رواه البيهقي بسند صحيح وأبو داود بسند حسن والراوية الآتية عن عائشة له .

(٤٦) روى البيهقي عن ابن عباس قال : إن أبغض الأمور إلى الله البدع وإن من البدع الاعتكاف في المساجد التي في الدور .

واتە : مانەوە نیە لە مزگەوتدا بۆ خوا پەرستی جگە لە مزگەوتێك نەبێت کە نوێژی جومعەی تێدا دەکرێت .

پاشان فەرموودەیەکی ( صحيح ) م دیتەوە کە بە ڕاشکاوی ووشەی ( المساجد ) کە لە ئایەتەکەدا هاتووە تایبەت دەکات بەسێ مزگەوتەوە کە : مزگەوتیماڵی خوا ( المسجد الحرام ) ، و مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ ( المسجد النبوي ) ، و مزگەوتی قودس ( المسجد الأقصى ) ن ، ئەویش ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا تێیدا فەرموویەتی : " لا اعتكاف إلا في المساجد الثلاثة " [٤٧] .

واتە : مانەوە لە مزگەوتدا نابێت جگە لە سێ مزگەوت نەبێت ، ئەوانیش : مزگەوتی ماڵی خوا ( المسجد الحرام ) ، و مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ ( المسجد النبوي ) ، و مزگەوتی قودس (المسجد الأقصى) ن .

وە ئەمە بۆچوونی کۆمەڵێکە لە سەلەف لەوانە کە بەرچاوم کەوتبێت ، وەکو (حذيفة)ی کوڕی (اليمان) ، و (سعيد)ی کوڕی (المسيب) ، و (عطاء) ، بەڵام باسی مزگەوتی قودسی نەکردووە ، وە جگە لەمانەش دەڵێت : بە

---

[٤٧] أخرجه الطحاوي والإسماعيلي والبيهقي بإسناد صحيح عن حذيفة ابن اليمان رضي الله عنه وهو مخرج في " الصحيحة " ( رقم ٢٧٨٦ ) مع الآثار الموافقة له مما ذكرنا أعلاه وكلها صحيحة .

ڕەهایی لە هەر مزگەوتێکدا کە نوێژی جومعەی تێدا بکرێت ، وە کۆمەڵێکی تریش پێچەوانە بوون و ووتیان : ئەگەر لە مزگەوتی ماڵەکەی خۆیشی دابێت هەر دروستە ، و شاراوەش نیە کە ئیش کردن بەوەی کە لە گەڵ فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ گونجاوە باشترە کە بگرێتە بەر ، واللہ سبحانە وتعالی أعلم .

٣ ـ وە سوننەت وایە بۆ ئەو کەسەی کە لە مزگەوتدا دەمێنێتەوە بۆ خوا پەرستی بە ڕۆژوو بێت ، هەروەك لە فەرموودەکەی ( عائشة )دا ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ باسکرا [٤٨] .

## چی دروستە بۆ ئەو کەسەی لە مزگەوتدا دەمێنێتەوە بۆ خوا پەرستی ( ما یجوز للمعتكف )

١ ـ دروستە دەربچێت لە مزگەوت بۆ دەست بە ئاو گەیاندن ، و هەروەها دروستە سەری دەربکات لە مزگەوت بۆ ئەوەی بیشۆن و شانەشی بۆ بکەن ، ( عائشة ) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ فەرموویەتی : " وإن كان رسول الله ﷺ ليدخل علي رأسه وهو ( معتكف ) في المسجد ( وأنا في حجرتي ) فأرجله ( وفي

[٤٨] رواه البيهقي بسند صحيح وأبو داود بسند حسن وقال الإمام ابن القيم في " زاد المعاد " : ( ولم ينقل عن النبي ﷺ أنه اعتكف مفطرا بل قد قالت عائشة : لا اعتكاف إلا بصوم ولم يذكر سبحانه الاعتكاف إلا مع الصوم ولا فعله ﷺ إلا مع الصوم فالقول الراجح في الدليل الذي عليه جمهور السلف أن الصوم شرط في الاعتكاف وهو الذي كان يرجحه شيخ الإسلام أبو العباس ابن تيمية ) .

روایة : فأغسله وإن بيني وبينه لعتبة الباب وأنا حائض ) وكان لا يدخل البيت إلا لحاجة ( الإنسان ) إذا كان معتكفا " [٤٩] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ سەری دەکردە ژوورەکەمەوە ، و لەو کاتەی کە لە مزگەوتدا بوو بۆ خوا پەرستی ، و منیش لەژوورەکەی خۆمەوە بووم دەشۆرد و بۆم شانە دەکرد ، ( وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : منیش بۆم دەشۆرد و لە نێوان من و ئەودا تەنها دەرگای ماڵەکەم بوو ، و منیش لە حەیزدا بووم ) وە ئەگەر لە مزگەت بمایەتەوە بۆ خوا پەرستی نەدەهاتە ماڵەوە ، مەگەر بۆ پێویستی مرۆڤ نەبێت .

٢ - وە دروستە بۆ ئەو کەسەی کە لە مزگەوت دەمێنێتەوە بۆ خواپەرستی و جگە لەویش کە لە مزگەوتدا دەست نوێژ بگرێت لە بەر ووتەی پیاوێك کە خزمەتی پێغەمبەری کردووە ﷺ کە فەرموویەتی : " توضأ النبي ﷺ في المسجد وضوءا خفيفا " [٥٠] .

واتە : پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتدا دەست نوێژی گرت دەست نوێژێکی سووک .

---

[٤٩] رواه الشيخان وابن ابي شيبة وأحمد والزيادة الأولى لهما وهو مخرج في " صحيح أبي داود " ( ٢١٣١ - ٢١٣٢ ) .

[٥٠] رواه البيهقي بسند جيد وأحمد ( ٥ / ٣٦٤ ) مختصرا بسند صحيح .

٣ ـ وە دەتوانێت چادرێکی ( خێوەیەکی ) بچووك لە کۆتایی مزگەوتەکەدا هەڵدات بۆ ئەوەی تێیدا بمێنێتەوە بۆ خوا پەرستی ، چونکە ( عائشة ) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ : " كانت تضرب للنبي ﷺ خباء [٥١] إذا اعتكف وكان ذلك بأمره ﷺ " [٥٢] .

واتە : خێوەتێکی بۆ پێغەمبەر ﷺ هەڵدا کاتێك کە بۆ خوا پەرستی مایەوە لە مزگەوت بە مەبەستی خوا پەرستی ، وە ئەو کردارەش بە فەرمانی پێغەمبەر بوو ﷺ .

وە جارێکیان لە ( قوببە ) یەکی بچووکی تورکیدا مایەوە کە حەسیریك درابوو بە بەردەمیدا [٥٣] .

---

[٥١] الخباء : أحد بيوت العرب من وبر أو صوف ولا يكون من شعر ويكون على عمودين أو ثلاثة . " نهاية " .

[٥٢] رواه الشيخان من حديث عائشة وفعلها للبخاري والأمر لمسلم وتقدم تخريجه (ص ٣٤) التعليق ( ٢ ) .

[٥٣] هو طرف من حديث لأبي سعيد الخدري رواه مسلم وابن خزيمة في " صحيحيهما " وهو مخرج في " صحيح أبي داود " ( ١٢٥١ ) .

## مانەوەی ئافرەت لە مزگەوت بۆ خوا پەرستی و سەردانی مێردەکەی لە مزگەوتدا :

٤ ـ دروستە بۆ ئافرەت سەردانی مێردەکەی بکات کە پیاوەکەی لە مزگەوتدا مابێتەوە بۆ خواپەرستی ، و بۆ پیاوەکەشی دروستە کە خێزانەکەی تا دەرگای مزگەوت ڕەوانە بکات ، لە بەر ووتەی ( صفية ) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ کە فەرموویەتی : " كان النبي ﷺ معتكفا ( في المسجد في العشر الأواخر من رمضان ) فأتيته أزوره ليلا ( وعنده أزواجه فرحن ) فحدثته ( ساعة ) ثم قمت لأنقلب ( فقال : لا تعجلي حتى أنصرف معك ) فقام معي ليقلبني وكان مسكنها في دار أسامة بن زيد ( حتى إذا كان عند باب المسجد الذي عند باب أم سلمة) فمر رجلان من الأنصار فلما رأيا النبي ﷺ أسرعا فقال النبي ﷺ : ( على رسلكما إنها صفية بنت حيي فقالا : سبحان الله يا رسول الله قال : إن الشيطان يجري من الإنسان مجرى الدم وإني خشيت أن يقذف في قلوبكما شرا أو قال : شيئا " [٥٤] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لە دە ڕۆژی کۆتایی ڕەمەزاندا مابووەوە لە مزگەوتدا بۆ خواپەرستی ، منیش بەشەو هاتم بۆ سەردانی ، لەو کاتەدا

---

[٥٤] أخرجه الشيخان وأبو داود والزيادة الأخيرة له وهو مخرج في " صحيح أبي داود " ( ٢١٣٣ و٢١٣٤ ) .

خێزانەکانی لە لای بوون و ڕۆشتن ، ماوەیەك لە گەڵیدا بووم ، پاشان هەستام بگەڕێمەوە ، فەرمووی : پەلە مەکە بۆ ئەوەی لە گەڵتدا بێم ، لە کاتێکدا کە لەلای دەرگای مزگەوت بووین لەلای دەرگای ماڵی ( أم سلمة ) ەوە ، دوو پیاو لە ئەنصار تێپەڕ بوون . کاتێك پێغەمبەریان بینی ﷺ پەلەیان کرد . پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : پەلە مەکەن لە سەر خۆتان ، ئەوەی کە لە گەڵمدایە ( صفية ) ەی کچی ( حيي ) ە ، ئەوانیش ووتیان : پاکی بۆ خوای پەروەردگار ئەوە چی دەڵێیت ! ! ئەویش فەرمووی : شەیتان بە ناو ڕێڕەوەی خوێنی نەوەکانی ئادەمدا دێت و دەڕوات منیش ترسام خراپەیەك یان شتێك بخاتە دڵتانەوە .

بەڵکو دروست و ڕەواشە بۆ ئافرەت کە لە گەڵ مێردەکەی دا لە مزگەوت بمێنێتەوە ، یان بە تەنها بمێنێتەوە ، لە بەر فەرموودەکەی ( عائشة ) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ کە دەفەرمووێت : " اعتكفت مع رسول الله ﷺ امرأة مستحاضة ( وفي رواية أنها أم سلمة ) من أزواجه فكانت ترى الحمرة والصفرة فربما وضعنا الطست تحتها وهي تصلي " [٥٥] .

---

[٥٥] رواه البخاري وهو مخرج في " صحيح أبي داود " ( ٢١٣٨ ) والرواية الأخرى لسعيد بن منصور كما في " الفتح " ( ٤ / ٢٨١ ) لكن سماها الدارمي ( ١ / ٢٢ : (زينب) . والله أعلم .

واته : ئافره‌تێكی ( مستحاضة : واته : ئه‌و ئافره‌ته‌ی خوێنی زیاد له سه‌ر خوێنی حه‌یزه‌كه‌ی یان زه‌یسانیه‌كه‌ی خوێنی لێ به‌رده‌وامه ) له خێزانه‌كانی پێغه‌مبه‌ر ﷺ له گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ردا ﷺ له مزگه‌وتدا مایه‌وه ( له ڕیوایه‌تێكدا هاتووه : ئه‌و ئافره‌ته ( أم سلمة ) ه بووه و سووراو و زه‌رداوی هه‌بوو ، له‌وانه‌شه ته‌شتێكمان له ژێری داده‌نا له كاتی نوێژكردنه‌كه‌یدا .

وه هه‌روه‌ها ده‌یفه‌رموو : " كان النبي ﷺ يعتكف العشر الأواخر من رمضان حتى توفاه الله ثم اعتكف أزواجه من بعده " [٥٦] .

واته : پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ له مزگه‌وتدا ده‌مایه‌وه له ده‌ی كۆتایی ڕه‌مه‌زاندا تا ئه‌و كاته‌ی وه‌فاتی كرد ، پاشان خێزانه‌كانی له مزگه‌وت ده‌مانه‌وه .

ده‌ڵێم : ئه‌م فه‌رمووده‌یه به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر دروستی و ڕه‌وایی مانه‌وه‌ی ئافره‌تان له مزگه‌وت بۆ خواپه‌رستی ، و گومانیش له‌وه‌دا نیه كه ئه‌مه به‌نده به‌ڕێپێدانی خاوه‌نه‌كانیانه ، له گه‌ڵ نه‌بوونی فیتنه ، و نه‌بوونی خه‌ڵوه‌ت له گه‌ڵ پیاواندا ، له به‌ر هه‌موو ئه‌و به‌ڵگه زۆرانه‌ی كه له‌و باره‌یه‌وه هاتوون ، له گه‌ڵ ئه‌و بنه‌وا فیقهیه‌ش كه ده‌ڵێت : (درء المفاسد مقدم على جلب المصالح ).

---

[٥٦] أخرجه الشيخان وغيرهما وسبق تخريجه ( ص ٣٥ ) التعليق رقم ( ٢ ) .

واتە : پاڵنانی خراپەکان پێش خراوە لە سەر بەدەست هێنانی چاکەکان.

٥ ـ وە جووت بوون لەگەڵ خێزاندا بەتاڵی دەکاتـەوە لەبـەر فـەرموودەی خوای گەورە کە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ [٥٧].

وە ( ابـن عبـاس ) فەرموویـــەتی : " إذا جـامع المعتكـف بطـل اعتكافـه ، واستأنف " [٥٨] .

واتە : ئەگەر ئەو کەسەی کە دەمێنێتەوە بۆ خواپەرستی لەگەڵ خێزانیدا جووت بوو ئەوا مانەوەکەی بەتاڵ دەبێتەوە ، و دەبێـت سـەر لـەنوێ دەسـت پێ بکاتەوە .

وە هیچ قەرەبوکردنێك ( یان : کەفارەتێك ) ی لەسەر نیە ، لە بەر ئەوەی هـیچ بەڵگەیـەکمان لـە پێغەمبـەر ﷺ و هاوەڵانیـەوە پـێ نەگەیشـتووە لـەو بارەیەوە .

---

[٥٧] سورة البقرة : ١٨٧ .

[٥٨] رواه ابن أبي شيبة ( ٣ / ٩٢ ) وعبدالرزاق ( ٤ / ٣٦٣ ) بسند صحيح ، والمراد من قوله : " استأنف " أي أعاد اعتكافه . واتە : ئیعتیکافەکەی دوبارە دەکاتەوە .

پێدا چوونەوە ، و پاککردنەوە ، و زیادکردنی سوودی نویٚ بۆ ئەم کتێبـە تەواوبوو ، بەپێنووسی نووسەرەکەی ، لـە بـەرە بـەیانی ڕۆژی یـەك شـەمە ( ٢٦ / رجب / ١٤٠٦ ك ) .

وصلى الله على محمد النبي الأُمي ، وعلى آله وصحبه وسلم .

**عمّان ـ الأردن**

**نووسینی : محمد ناصرالدين الألباني**